ئەی عبد اللە، وەکو فلّان مەبە؛ شەونوێژی ئەنجامەدا بەڵام وازی لە شەونوێژکردن هێنا

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی اللہ علیہ وسلم- پێمی فەرموو: «»ئەی عبد اللە، وەکو فلّان مەبە؛ شەونوێژی ئەنجامەدا بەڵام وازی لە شەونوێژکردن هێنا.
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- عبداللە کوڕی عەمروی ئاگادار کردەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- سەبارەت بەوەی نەکات واز لە شەونوێژکردن بهێنێت وەکو فلّان کەس، وباسی ناوی نەکرد بۆئەوەی دایبپۆشێت، وپێویستە مسوڵمان ئاگادار بێت لەوەی زیادەڕەو نەبێت لە پەرستنەکاندا وزۆر لە خۆی نەکات لە شتێک کە لە توانایدا نەبێت، وئەگەر کەسێک بەم شێوەیە بێت ئەوا دینداری قورس دەبێت لەسەری چونکە کردەوە وپەرستنەکان زۆرن، بۆیە ئەمیش وایلێدەکات لە کۆتاییدا لاواز بێت وبچڕێت لە ئەنجامدانی ئەم پەرستنە؛ چونکە خوای گەورە هەندێک پەرستنی واجب کردووە لەسەر بەندەکانی لە هەندێک کاتدا دەبێت ئەنجامبدرێن بەڵام لە هەندێک کاتی تردا ئەنجام نادرێن، ئەمیش بۆ ئاسانکاری وڕەحمەت بەرامبەریان، چونکە مرۆڤ ئەگەر مامناوەند بوو ئەوا کردەوەکەی بەردەوام دەبێت، ودەتوانێت هەموو مافەکان جێبەجێ بکات، مافی خوای گەورە، مافی نەفس، ومافی خێزان وهاوڕێ؛ بە شێوەیەکی ئاسان ونەرمونیان، وپێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم- دەفەرموێت: (إن أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل) واتە: (خۆشەویستترین کردەوە لای خوای گەورە؛ ئەوەیە کە (بەندە) لەسەری بەردەوام بێت ئەگەرچیش کردەوەکە کەم بێت)، بۆیە پێویستە مرۆڤ هەندێک بەش دابنێت لە قورئانی پیرۆز کە لە شەونوێژدا بیخوێنێتەوە و لەسەری بەردەوام بێت بە پێی توانای.ی

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11270